**عەبدوڵڵا سەمەدی**

# هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی مێژووی مەهاباد

*فەرمانڕەوایانی موکری – بوداغسوڵتان – مەلاجامی*

**فەرمانڕەوایانی موکری( ۱۴۷۲ – ۱۹۳۲ ز ):**

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان، فەرمانڕەوایانی موکریان لە بنەڕەتدا خەڵکی شارەزوور و لە تیرەی **بابان** ن. سەرزنجیرەی سەردارانی موکری، **سەیفەددین** ناوێك بووە، کە سەبارەت بە زیرەکی و مەکر و دەهۆیەکی زۆر، بە **مەکری** ناوی دەرچووە. وشەی **مەکری** لە ڕاوێژی خەڵکدا وردە وردە گۆڕاوە بە **موکری**[1].

ماموستا جەمیل ڕۆژبەیانی لە پەراوێزی شەرەفنامەدا دەڵێ: ئەم بۆچوونە ڕاست نییە، ئەوە **مەغرێ** یە، بە مانای **ڕێگای موغان**[2].

بۆچوونەکەی ماموستا ڕۆژبەیانی پتر لە ڕاستییەوە نزیکە، چونکە لە ئێرانی سەردەمی ساسانیدا، حەوت ئاورگی گەورەی زەردەشتی هەبووە، کە لەوانە، سێ ئاورگی ۱ – ئاتوور فەرنبەغ ۲ – ئاتوور بورزین مەتر ۳ – ئاتوور گوشنەسپ، لەوانی دی گرینگتر بوون. یەکەمیان لە **کاریان** ی فارس بووە، کە تەرخان کراوە بۆ مۆبدان و پێشەوایانی ئایینی زەردەشتی؛ دوویەمیان لە **ڕیوەند** ی خۆراسان بووە و تەرخان کراوە بۆ وەرزێڕان؛ بەڵام سێیەمیان کە بە مانای ئاگری ئەسپی نێر ە، لە **شیز** ی کوردستان بووە و تەرخان کراوە بۆ پادشایان و بنەماڵەی سەلتەنەت و هەروەها شەڕکەران. پادشایانی ساسانی و کەس‌وکار و دەست‌وپێوەندیان، ساڵانە لە ڕێگەی موکریانەوە لە هاتوچووی شیزدا بوون، چونکە وەکی پاتەختی دوویەم ، کۆشکی تایبەت و جێگە دانیشتنیان لەوێ بووە.

لە ئاخر و ئۆخری دەسەڵاتی تورکانی **قەرەقۆینلوو** و **ئاققۆینلوو** دا، میرسەیفەددین سەری هەڵدا و پەلاماری تورکانی **چابقلوو** ی دا و **دریاس** ی لە دەست دەرێنان و هەندێ ناوچەی تریشی خستەسەر و دەسەڵاتێکی لەو مەڵبەندە پێکەوەنا. هەموو کوردەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەو بە **موکری** ناسران و ناوچەکەش بە **موکریان** ناوی برا. بەلام بەر لە هاتنی میرسەیفەددین، ناوی مەڵبەندەکە بە پێی بەڵگە و سەرچاوە کۆنەکان، **تەرغای** بووە، کە لە نێوی بە ناوبانگترین کێوی موکریان، واتە **تەرەغە** وەرگیراوە[3].

میرسەیفەددین دوو کوڕی لە پاش بەجێما، **سارم** و **باباعومەر**. سارم لە جێی بابی دانیشت و بە دەسەڵاتێکی پترەوە حوکمداریی کرد. شائیسماعیلی سەفەوی چەند هێرشی گەورەی کردە سەر، بەڵام زەفەری پێنەبرد. ساڵی ۱۵۰٦ی زایینی، شائیسماعیل دوو لەشکری تەیاری ناردە شەڕی سارمبەگ؛ هەر دوو لەشکر تێکشکان و هەر دوو سەردار لەشکریش کوژران. سارمبەگ بە ناچاری، لەبەر زەبر و زەختی سەفەوییە، پاڵی وە سوڵتانی عوسمانی» **سوڵتان سولەیمانخان** «دا و تا دوایی ژیانی لە لایەن عوسمانییەوە پشتگیری لێدەکرا.

شاری دریاس، لەو شەڕوکێشانەدا، لە لایەن لەشکری قزڵباشەوە وێران کرا، لەو دەمەوە ناوچەکە بە **شاروێران** ناوی دەبرێ. سارمبەگ ناوەندی حوکمداریی خۆی بەرەو باشوور گواستەوە و لە نزیك کانییەکی ساردی بنار، کە پاشماوەی **ساوجبلاغ** بوو، وردە وردە ئاوەدانیی ساز کردەوە. مێژووی ئەم ساوجبلاغە زۆر ڕوون نییە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە بەر لە سارمبەگیش ئاوەدانیی لێبووە.

هەڵبەت وشەی شارویران لەوە کۆنترە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شاری دێرینی **دارایاس** کە بەر لە زایین، پێتەختی مادی بچووك بووە و لە کتێبە مێژووییەکاندا بە **دارووشا**، **پرسپەھ**، **پرئاشپا**، **فرادە ئاسپا** ناوی ھاتووە و بە وتەی حوسێن حوزنی [ کوردستانی موکریان یا ئاتروپاتین، ل٣٧ و ١١٠] لە ساڵی ٣٧ی پێش زایین **مارك ئانتوان** ی مەزنی ڕۆم، ھێرشی کردووەتە سەر. وێرانەکانی شاری دێرینی دارایاس بە گڵ و خۆڵی دەشتی شارویران داپۆشراوە و گوندی بچووکی **دریاز** لە باکووری مەھاباد، دواپین یادگاری زیندووی ئەو شارەیە[٤].

سارمبەگ بە مردنی خۆی مرد و وەسیەتی کرد کە لە گردێکی باکووری سابڵاغدا بینێژن، کە ھەم دەشتی شارویران و شارۆچکەی سابڵاغی لێدیار بێ، ھەم چاوی بە وێرانەکانی شاری **دریاس** ەوە بێ. سارمبەگ ھەتا مردن داخی خاپوور کردنی دریاسی لە سەر دڵ بوو. دەیگوت: ھێشتا تۆڵەی دریاسم بۆ نەکراوەتەوە. گڵکۆی سارمبەگ، ئێستاش لە سەر ئەو گردە، کە بە **کەڵکی بەگزادان** تاو دەبرێ، نیگەران و چاوەنوارِ لە دەشتی شارویران دەڕوانێ، بەڵام بە گۆڕێکی غەریبی تێکڕووخاو و کێڵوبەردی دزراوەوە!...

میراتی سارمبەگ، بە کوڕانی ڕۆستەم کوڕی باباعومەر گەیشت. چونکە کوڕ و برای سارمبەگ بە دیلی کەوتنە دەستی قزڵباش و لە تەورێز بە دەستی تاقمی **ئەت یەیان** واتە **گۆشتخۆران**، کە تاقمێك بوون شا بۆ خواردنی گۆشتی نەیارەکانی خۆی ڕایھێنابوون، خوران. بە وتەی **سەیدعەلیئەکبەری خەتایی** لە کتێبی **خەتایی نامە** دا، ھەوەڵ پل لە گۆشتی وان، شائیسماعیل خواردی[٥].

کوڕانی ڕۆستەم کوڕی باباعومەر، بریتی بوون لە: **شێخ حەیدەر**، **میرنەزەر** و **میرخدر**. ئەوان وڵاتەکەیان کردە سێبەش و ھەر برایە لە سەر بەشێك دانیشت. ئەو سێ برایە پێوەندییان لەگەڵ عوسمانی ھەڵبڕی و لە ساڵی ١٥٤١ی زایینی، پاڵیان وە **شاتۆماسب** دا. سوڵتان سولەیمان خانی عوسمانی ھەر بە ھۆی لەشکری کوردەوە، ھەرسێك برای کوشت و **میرەبەگ** ی کوڕی حاجی عومەری کوڕی سارمبەگی کردە سەرکردەی موکری. میرەبەگ بە مردنی خۆی مرد و **میرەبەگ** ی کوڕی شێخ حەیدەر لە جێی دانیشت و لە سوڵتانی عوسمانی ھەڵبڕا و دۆستایەتی لەگەڵ شاتۆماسب دامەزراند؛ پاشی ئەویش پێوەندی خۆی لەگەڵ **شائیسماعیلی دوویەم** بەردەوام ڕاگرت. بەڵام لە سەردەمی پادشایەتیی **سوڵتان محەممەدی سەفەوی** کە بە **خودابەندە** ناسراوە،جێگا بە میرەبەگ لێژ بوو و خۆی ھاویشتە چارەی **سوڵتان مرادی عوسمانی** یەوە. بەم جۆرە دەسەڵاتی خۆی پاراست ھیچ، بەڵکوو مەڵبەندی **بابان** یشی بۆ خرایە سەر موکریان و ھەروەھا سنجەقی موسڵ و ھەولێر و ھەندێ ناوچەی سەر بە مەراغە و تەورێزیشی پێدرا. ئەوە گەورەترین دەسەڵاتی حاکمانی موکری بووە لە مێژووی موکریاندا[*] .

میرەبەگ لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە نازناوی **پاشا** شی پێدرا، و بووبە **میرەپاشا**، بەڵام بە دەھۆی سەفەوییە لەگەڵ حەسەنبەگ و ئۆڵغبەگی ئامۆزای دووبەرەکییان تێکەوت و سەفەوییە پشتگیریی لە نەیارانی میرەپاشا کرد و بەم جۆرە ئەو دەسەڵاتە گەورەیە بووبە فیدای دووبەرەکی و براکوژی. میرەپاشا ھەرچۆنێك بوو، نیمچە دەسەڵاتێکی لە موکریاندا بۆخۆی پاراست.

شێخ حەیدەر بۆ دەستەبەر کردنەوەی دەسەڵاتی پێشوو، لەگەڵ شاعەباسی سەفەوی ڕێککەوت و خزمەتی زۆری بە شا کرد و لە شەڕەکانی سەفەویدا گەلێك سەرکەوتنی بۆ شا وەدەست ھێنا، تا ڕادەیەك کە شاعەباس لە تاوانەکانی میرەپاشای باوکیشی خۆشبوو، و دەسەڵاتێکی زۆری دا بە شێخ حەیدەر. شێخ حەیدەر بە ھێزی سوپای موکریانەوە شەڕی عوسمانی بۆ شای سەفەوی دەکرد، تا ئاخری لە شەڕی یەریڤاندا کوژرا.

شاعەباس لە تۆڵەی خزمەتەکانی شێخ حەیدەر، **قوبادخان** ی کوڕی، ئەگەرچی منداڵیش بوو، لە جێی ئەو دانا. قوبادخان گەورە بوو و بە هێز و دەسەڵاتەوە حوکمی کرد. شا لێی دڕدۆنگ بوو. لە قەڵای گاودۆڵی مەراغە، کە پاتەختی میرنشینی موکری بوو، بە دەهۆ لێی میوان بوو و خانەخوێیەکەی لەگەڵ هەموو گەورەکانی موکری کوشت و قەتلۆعامی خەڵکی موکریانیشی کرد، کە بە ساڵی **موکری قڕان** مەشهوورە. مێژووی ئەم ڕووداوە ساڵی ١٠١٩ی کۆچیی مانگی، بەرامبەری ١٦١٠ی زایینی بوو، کە شاعیران و مێژوونووسانی سەفەوی سێ **مادە تاریخ** یان بۆ داناوە. شاعیرێك بە ناوی **مەولانا خیسالی** لە دوایین دێڕی پارچە هەڵبەستێکدا کە پیرۆزبایی لە شا دەکا، دەڵێ:

رقم شد: ( ماتم کردان ز رومی ) نوشتم: ( عید فتح از شاه عباس )[٦]

هەروەها، مادە تاریخێکی تریش دەڵێ: ( قتل عام مکری حق ). هەرسێ ڕستەی نێو کەوانەکە بە پێی ژمارەی ئەبجەد دەبنە » ١٠١٩ی کۆچی «.

ئەمجار لە گەورەپیاوانی موکری، **شێرخان** کوڕی شێخ حەیدەر مابوو، کە بە هۆی ئەوەی خزمەتی زۆری سەفەوی کردبوو و هەروەها پێوەندیی خزمایەتی لەگەڵیان هەبوو، شا نەیکوشتبوو. ئەو شێرخانە کە باوکی «بوداغ سوڵتان»ە، بووبە حاکمی موکری.

شێرخان لە ماوەی پازدە ساڵدا خزمەتی زۆری بە موکریان کرد. گەشەی بە کشتوکاڵ و ئابووریی وڵات دا، و بە هۆی ئەو خزمەتانە لە لای خەڵك زۆر خۆشەویست بوو. وردە وردە نەیارانی سەفەوی هەموو لە دەوری کۆبوونەوە. ئەمجار شێرخان کەوتە بیری تۆڵەسەندنەوەی موکری قڕان و چەند پەلاماری توندی سەفەوی دا. لە هەموو تێکهەڵچوونێکا سەرکەوتن بە شێرخان بوو. تا دوایین جار شاعەباس لەشکرێکی پێنجهەزار کەسی ناردە سەر و دوو لەشکریشی کردە هێزی پشتیوان و یارمەتیدەر. بەڵام ئەم لەشکرانەش تێکشکان. شاعەباس کە لە لایەکی تریشەوە بە شەڕی عوسمانی و شۆڕشی گورجستانەوە گیرۆدە ببوو، لەوە پتر نەیتوانی شەڕی شێرخان بکا و ڕایگەیاند کە: شێرخان ئازادە لە وڵاتی خۆیدا بە دڵی خۆی حوکم بکا و شا حەقی بە سەرەوە نییە. لەڕاستیدا شاعەباس بەزی.

شێرخان شاری سابڵاغی کردە پاتەختی خۆی، بەڵام چونکە لەمەودواش هەر بە شەڕ و کێشەی قزڵباشەوە خەریك بوو، زۆر نەپرژایە سەر ئاوەدانکردنەوەی سابڵاغ، تاکوو **بوداغ سوڵتان** ی کوڕی هاتە سەر حوکم و گرینگییەکی زۆری بە سابڵاغ دا.

دوایین حاکمی موکری، **عەلیخانی سەردار** ە کە لە ساڵی ١٣١١ی هەتاوی[ ١٩٣٢ ی ز.]کۆچی دوایی کرد و لە **گومبەزی گەورە** ی بۆکان، کە گڵکۆی بنەماڵەی موکرییە، لە تەنیشت گۆڕی **حەمە حوسێن خان** ی باوکی نێژرا. بە مەرگی عەلیخان، دەفتەری بنەماڵەی فەرمانڕەوایانی موکری ، پاشی ٤٦٠ ساڵ بەسترا.

**بوداغ سوڵتان ( ١٦٠٨ – ١٦٨٩ ز ):**

هەوەڵ کاری بوداغ سوڵتان ئەوە بوو کە هێز و دەسەڵاتی لە دریاسەوە بە تەواوی گواستەوە سابڵاغ و دەستی کرد بە ئاوەداتکردنەوەی ئەو شارە، بە چەشنێك کە مێژووی پێکهاتن و بناغەدانانی سابڵاغ دەبەنەوە سەر بوداغ سوڵتان.

گرینگترین کاری بوداغ سوڵتان ئەوە بوو کە هەوڵ و خەباتێکی تایبەتی دەستپێکرد بۆ دانانی بناغەیەکی ڕۆشنبیری و چاندی، کە یەك لەوانە پێکهێنانی کتێبخانەیەکی گەورە بوو، کە وەقفی کرد بۆ کەڵكوەرگرتنی گشتی.

مزگەوتێکی گەورەی بە ناوی **مزگەوتی سوور** دروست کرد، کە لە ڕاستیدا بنیادنانی زانستگایەك بوو بۆ هەموو ناوچەکە و سەدان کەسایەتیی بەرزی زانستی لەو مزگەوتەدا پێگەیشتن.

بوداغ سوڵتان وەك سەرۆكێكی مەزن و ڕێبەرێكی دڵسۆز، ئاگاداری ئەو ڕاستییە بوو كە بردنە سەری ڕادەی ئاگاداری و زانیاری خەڵك، و دانانی بناغەیەكی فەرهەنگی و زانستی، دەبێتە گرینگترین هەنگاو بۆ داماڵینی نیری كۆیلەتی و پساندنی زنجیری دیلی و ڕزگار بوون لە شەرمەزاریی بندەستی و ملكەچی. هەر بۆیە بە پەرۆشەوە لە هەوڵی ئەوەدابوو كە سەرۆكایەتیی زانستگاكە بداتە دەست كەسێك كە بەڕاستی شیاوی ئەو كارە بێت. ئەو كەسەش **مەلاجامی** بوو.

مێژووی دروستكردنی مزگەوتی سوور، ١٦٧٧ی زایینی‌یە، و لە بەردەنووسێكدا كە لە سەر دەركی باكووری مزگەوت گیراوە و بە خەتی **سۆهراب** كوڕی بوداغ سوڵتان نووسراوە، ئاماژە بە ساڵی ١٠٨٩ی كۆچی كراوە. هەروەها بەردەنووسێكی تریش بە دیواری دەركی باشووری مزگەوتەوە بووە، كە ناوی **مەوقووفات** ی مزگەوتی سووری لە سەر نووسراوە؛ ئەو بەردە ئێستا نەماوە.

دە ساڵ بەر لە دروستكردنی مزگەوتی سوور، **پردی سوور** هەر بە دەستووری بوداغ سوڵتان لە سەر چۆمی سابلاغ سازكراوە و مادە تاریخەكەشی بە ڕستەی ( **هدانا الله صراطا مستقیما** )، كە لەسەر بەردێك نووسرابوو و لە یەكێك لە كلەكانی ئەو پردە گیرابوو، ساڵی ١٠٧٩[ = ١٦٦٧ ز.]ی نیشان دەدا.

پردی سوور لە ساڵانی نێوان ١٣٤٦ تا ٤٩ی هەتاوی، لە كاتی دروستكردنی **سەددی مەهاباد** وێران كرا و بەردەنووسەكەشی ون بوو.

لە شوێنەوارەكانی بوداغ سوڵتان، پاشماوەی بینایەك لە نێوان مەهاباد و سەردەشت ماوە كە بە **كۆخی كورتەك** نێو دەبرێ. ئەو شوێنە كاروانسەرایەكە بۆ لادان و حەسانەوەی ڕێبواران و كاروانچییان؛ لە چەند هۆدەیەك پێكهاتووە و عمبارێكیشی بۆ سووتەمەنی و داری جەنگەڵی تەرخان كراوە، بۆ وەرزی سەرما و مانەوەی شەوانە. كەرەستەی ئەم بینایە، هەمان كەرەستە و خشتی مزگەوتی سوورە.

گلكۆی بوداغ سوڵتان، لە گۆڕستانی تایبەتیی بنەماڵەی موكری هەڵكەوتووە، كە بە **گومبەزان** مەشهوورە و گۆڕستانی گشتیی شاری مەهابادە. وشەی **گومبەزان** كە « ان »ەكە نیشانەی «كۆ»یە، بریتی‌یە لە پتر لە یەك گومبەز، و لە ڕاستیشدا لە شانی ڕۆژئاوای گومبەزی بوداغسوڵتانەوە گومبەزێكی تریشی لێبووە كە تایبەت بووە بە گۆڕی **كەریمخان** ی نەوەی بوداغسوڵتان. ئەم گومبەزە بە تەواوی خاپوور بووە و تا چەند ساڵ لەمەوبەر شوێنی چواردیوارەكەی لە سەر زەوی مابوو. زۆر وێدەچێ كە ئەم گومبەزە لە شەڕی یەكەمی جیهانیدا بە دەستی قشوونی ڕووسیەی تێزاری وێران كرابێ. چونكە لەو شەڕەدا خەڵكێكی زۆر لە دانیشتوانی سابلاغ پەنایان بۆ گومبەزان بردووە و هەر لەوێشدا ڕووسەكان قەتڵوعامیان كردوون و بەردی سەر گۆڕەكانیشیان شكاندووە. بازاڕچەیەكیش بە ناوی **سەرای كەریمخان** لە نێوان **مەیدانی ئاسینگەران** و **مەیدانی ئارد** هەتا بەر لە شەڕی ئێران و عێراق، هەر بە بینایەكی دوو نهۆمی خشتی سوور مابوو كە بە ناوی هەمان كەریمخان و شوێنەواری ئەو بوو. ئەو بازاڕچەیە لە ڕۆژی هەینی ١٣٦٢/١٢/٥، بەرامبەری ١٩٨٤/٢/٢٤ كەوتە بەر بۆرردومانی فڕۆكەكانی بەعسی عێراق و خاپوور بوو[7].

لە گومبەزی بوداغسوڵتاندا سێ گۆڕ هەیە، كە یەكیان هی بوداغسوڵتانە و یەكیان هی سۆهرابی كوڕی بوداغسوڵتانە كە لە سەردەمی لاویدا مردووە و گۆڕەكەی تر تا ئێستا نەزانراوە كە هی كێیە. تەنانەت لەم سێ گۆڕەش هێشتا بە ڕوونی ئاشكرا نییە كە كامەیان بوداغسوڵتانە، چونكە هیچكام لە بەردەكان نووسراویان لە سەر نییە.

**مەلاجامی ( ١٦٤١ – ١٧١٧ ز ):**

مەلاجامی کوڕی **سەید مەحموود**[٨] و نەوەی **مەلائەبووبەکری موسەننیف** ە، و لە بەرەی **پیرخدری شاهۆ** یە. لە گوندێکی دەڤەری شاری مەریوان بە ناوی **چۆڕ** لە دایك بووە. بنەماڵەی پیرخدری شاهۆ، بە هۆی پاکی و خواناسی و هەروەها پلەی بەرزی زانستی، ڕێز و حورمەتێکی تایبەتییان لە سەرانسەری کوردستاندا هەبووە و ناوبانگیان بۆ دەرەوەی کوردستانیش ڕۆیشتووە. ژمارەیەکی زۆر کتێب و دانراوی ئایینی و وێژەیی و زانستی لە مەلا ئەبووبەکر، بە زمانی عەرەبی و فارسی بەجێماوە. لە وڵاتانی عەرەبدا، مەلائەبووبەکر بە هۆی نووسینی بەرهەمی زۆر، بە **موسەننیف** ناوبانگی دەرکردووە.

بوداغسوڵتان دوای سازکردنی مزگەوتی سوور، لە هەوڵی ئەوەدابوو کە لە ئەولادانی مەلائەبووبەکر و لە وەچەی پیرخدری شاهۆ، کەسێك بکێشێتە سابلاغ و بناغەیەکی پتەوی ڕۆشنبیری پێدابمەزرێنێ. داوا لە مەلاجامی دەکا کە ئەو ئەرکە گرینگە وەئەستۆ بگرێ. مەلاجامی کە ئەو دەم تەمەنی دەوروبەری ٣٦ ساڵ بووە، بە هەستی بەرپرسێتییەوە قەبووڵی کردووە و ماڵ و موڵکی لە گوندی **چۆڕ** جێهێشتووە و هاتووەتە سابلاغ. هاتنی مەلاجامی بۆ سابلاغ، دەبێ هەر لە ساڵی بنیادنانی مزگەوتی سوور، واتە ١٠٨٩ی کۆچیی مانگی، بووبێ.

بوداغسوڵتان ئەو دەم تەمەنی ٦٩ ساڵ بووە، بەڵام بۆ ڕێزگرتن لە پیاوی زانا، بە سی سوارەوە تا دەرەوەی شار بەرەوپیلی مەلاجامی چووە و بە حورمەتێکی زۆرەوە هێناویەتە ناو شار و بەخێرهاتنی کردووە. گوندی **داشتەمر** کە موڵکی خۆی بووە، بە مەلاجامی بەخشیوە تا لە حاسلات و داهاتی ئەوێ بەهرەمەند بێ. مەلاجامی هەر لەو گوندە دانیشتووە و ڕۆژانە بە سواری ئاموشۆی مزگەوتی سووری کردووە[٩].

وەرێخستنی ئەو زانستگایە لە ناوەندی موکریان و حزووری مەلاجامی، بووبە هۆی داگیرساندنی مەشخەڵی زانست و زانیاری لە شەوەزەنگێکی تاریك و ئەنگوستەچاودا، بە چەشنێك کە تیشکی ڕووناکییەکەی تا دەرەوەی موکریان و دەرەوەی کوردستانیشی گرتەوە. لە دەوری یەك کۆبوونەوەی دەیان مامۆستا و پسپۆڕ و پێگەیاندنی سەدان شاعیر و نووسەر و زانای وەکوو **مەلامحەممەدی بانی، مەلامحەممەدی پایە، مفتی زەهاوی و مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب،** سەرلەنوێ ڕوحێکی تازەیان بەو خاکە بەخشی و گیانێکی نوێیان کردەوە جەستەی گەلێکی بریندار و ماندوو. پاشانیش ئاموشۆی گەورەپیاوان و عارفانی وەکوو **مەولەوی تاوەگۆزی،** کە خۆی لە بەرەی مەلا ئەبووبەکری موسەننیف و خزمی مەلاجامی بووە، و **مەحوی** و پێوەندی و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ **دارالعلم** ە بەناوبانگەکانی وڵات، گرینگییەکی تایبەتی بە مێژووی ڕۆشنبیریمان بەخشی و شوێنێکی بەرچاوی لەسەر دانا.

مەلاجامی ٢٨ ساڵ دوای بوداغسوڵتان کۆچی دوایی کرد و لە سەر وەسیەتی خۆی، لە گردێکی ڕۆژهەڵاتی سابلاغ نێژرا، تا مزگەوتی سووری لێدیار بێ. ئەو شوێنە پاشان بووبە گۆڕستانی گشتیی شاری سابلاغ و هەر بە **گۆڕستانی مەلاجامی** ش ناسرا. بەم جۆرە مەلاجامی ٤٠ ساڵی دوایی تەمەنی خۆی لەم شارەدا بردە سەر، و لەم ماوەیەدا بە پێگەیاندنی بەرەیەکی زانا و ڕۆشنبیر، گرینگترین هەنگاوی فەرهەنگی هەڵێنایەوە، بە چەشنێك کە شوێنی ئەم هەنگاوە لە ژیان و پاشەڕۆژی خەڵکی ناوچەکە و بە گشتی نەتەوەکەیدا ئێستاش هەر ماوە و دەمێنێ.

لە ئەولادانی مەلاجامی، چەند بنەماڵەیەك لە مەهاباد و بۆکان کەوتوونەوە کە تەنیا بۆ مێژوو لێرەدا ناویان دێت، ئەگینا گەورەیی و شانازی هەر بنەماڵە یا تاکە کەسێك، تەنیا لە ڕادەی چاکی و پاکی و خزمەتی ئەو بنەماڵە یا تاکەکەسەدایە بە کۆمەڵەکەی.

بنەماڵەکانی وەچەی مەلاجامی بریتین لە: شێخولئیسلامی موکری، جەعفەری، ئەمینولئیسلامزادە، بایەزید حوسێنی، حوسێنی موتڵەق، سەید قادری موکری، هیدایەتی، سەمەدی،...

گۆڕستانی مەلاجامی ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی [ = ١٩٥٨ ز]، لە سەردەمی دەسەڵاتی **وەراهرام**، کە فەرمانده‌ی « سپای ٣ی شیمالی غەرب » بوو، تێکدرا و کەوتە بەر پرۆژەی گۆڕینی پلانی شار و گۆڕی دەیان کەس لە کەسایەتییە ناسراوەکانی وێژە و دیرۆك و فەرهەنگی ناوچەکە وەبن شەقام و کوچە و کۆڵان و مەیدان و خانووبەرەکان کەوت. تەنیا بە پێداگرتن و ویستی خەڵکی مەهاباد، بەرگری لە فەوتان و لەناوچوونی گۆڕی مەلاجامی کرا.

شوێنی هەوەڵی گۆڕەکە، ١٥ تا ٢٠ میتر لە لای ڕۆژئاوای ئێستایدا بوو، کە دەکەوتە بەر پیادەڕۆی مەیدانی مەلاجامی. ڕای وەراهرام ئەوە بوو کە گۆڕەکە بگوازرێتەوە بۆ گومبەزان و لە نزیك بوداغسوڵتان بنێژرێ. بەڵام کەیخودایان و باوەڕپێکراوانی شار وەراهرامیان تێگەیاند کە وەسیەتی مەلاجامی ئەوە بووە کە لە نزیك مزگەوتی سوور بێ، و دەبێ ئەو وەسیەتە وەبەر چاو بگیرێ. بە ئاگاداری و چاوەدێری کەیخودایانی شار، گۆڕەکە برایە ئەو شوێنەی ئێستا و بە دەستی **حاجی ڕەحمانی مەلا شێخی** کە لە بەننا هەرە لێهاتووەکانی شار بوو، و پێشتریش بە دەستی ئەو، « **بازاڕی قەیسەری** » تاریکە بازاڕی شاری مەهاباد دروست کرابوو[10]، گڵکۆی تازەی مەلاجامی لە نێو چیمەنی مەیدانەکە سازکرا.

بە وتەی جەنابی عومەرئاغا عەلیار، کە لە کاتی گواستنەوەی گۆڕی مەلاجامی، خۆی یەکێك لە بەرپرسانی شار و شاهیدی ڕووداوەکە بووە، گۆڕی مەلاجامی هیچ کێلوبەردێکی تایبەتی لە سەر نەبووە؛ بەڵکوو تەنیا کۆگایەك گڵ و ئاڵایەکی کەسکی لەسەر بووە. پاشی گواستنەوەش، بە هۆی تێکدانی گۆڕستانەکە، کێلوبەردێکی زۆر لە دەوروبەری وێ فڕێ دراوە، بەردێکی گەورە و سپی کە هی گۆڕی یەکێك لە **دێبۆکری** یەکان بووە، نووسراوەکەیان لەسەر کڕاندووە و بە دەستی حاجی ڕەحمانی مەلا شێخی لە سەر گۆڕی مەلاجامی دانراوە و بەو جۆرە کێلوبەردی بۆ سازکراوە.

لەم دواییانەشدا، کە پلانی مەیدانەکە دەستی تێوەردرا و گەڵاڵەیەکی نوێی بۆ داڕێژرا، گڵکۆی مەلاجامیش بە شێوەیەکی شیاو و بەرچاو، و بە چەشنێکی نوێ سازکرایەوە.

---

## *پەراوێزەکان*

١ – شەرەفنامە، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، ل ٥٣٠.

٢ – هەمان سەرچاوە، ل ٥٣٠.

٣ – لە یادداشتەکانی جەنابی عومەرئاغا عەلیار، » دەستنووس «.

هەروەها بۆ ئەم بابەتە بڕوانە: ( ابن بزاز اردبیلی، صفوەالصفا، در ترجمۀ احوال و اقوال و کرانات شیخ صفی‌الدین اسحق اردبیلی، مقدمه و تصحیح؛ غلامرضا طباطبائی مجد، ١٣٧٣، ص١١٠٨.)

٤ – هەروەها بڕوانە: حبیب‌الله تابانی، وحدت قومی کرد و ماد، انتشارات گستره، تهران، ١٣٨٠، ص٢٩٩.

٥ – سید علی اکبر خطایی، خطایی‌نامه، به کوشش ایرج افشار یزدی، مرکز اسناد فرهنگی آسیا، ص١٦٧.

٦ – ملا جلال‌الدین منجم، تاریخ عباسی یا روزنامۀ ملا جلال، انتشارات وحید، ص٣٨٧ – ٣٨٦.

٧ – ناوی ئەو بازاڕە ئێستا لە نووسراوی ڕەسمی و دەوڵەتیدا هەر ( سەرای کەریمخان )ە، بەڵام لە ناو خەڵکی شارەکەدا بە (سەددام ئاوا) ناو دەبرێ!! هۆی ئەم ناوەش ئەوەیە کە گۆیا: بەر لە بۆردوومانی بەعس، ئەو بازاڕە بینایەکی کۆن بووە، بەڵام بۆردومانەکەی سەددام بووەتە هۆی ئەوە کە بە شێوەیەکی نوێ ساز بکرێتەوە! لە ڕاستیدا پاکانەیەك بوو بۆ سەددام و بۆردوومانەکەی! بێشك ئەوە تەنیا لە گەلێکی کلۆڵ و سەرلێشێواو دەوەشێتەوە کە لەو ڕۆژە شووم و تاریکانەدا کە براکانمان لە باشوور جینۆساید دەکران و خۆشمان لە ژێر بۆردومانی هەوایی دابووین، خەڵك لە جیاتی ئەوەی بەرژەوەندیی گەلی خۆ وەبەرچاو بگرێ، لە هەموو مزگەوتەکانی شاردا قونووت بۆ سەددام دەخوێندرا و شوێنە بۆردوومانکراوەکانیشی بەناو دەکرا!! شیاوی باسە کە؛ لە شەڕی ئێران و عێراقدا شاری مەهاباد سێ جار بۆردومان کرا:

* کاتژمێری ٤/٤٠ ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٣٦٢/١٢/٥ لە لایەن چوار فرۆکەی میگی ٢٥ی هێزی هەوایی بەعسی عێراقەوە لە دە شوێن بۆردومان کرا. ئەو ڕۆژە هەتا نیوەشەو ٢١ تەرم دۆزرانەوە و پتر لە سەد کەسیش بریندار بوون. پاشانیش ١٤ کەسی تر مردن و سەرجەم ٣٥ کەس کوژران. هەر لە هەمان ڕۆژدا، سەعات ٤/٥ ی ئێوارە [دە دەقیقە بەر لە کارەساتەکەی مەهاباد] شاری سەقزیش بۆردومان کرا، و بۆ سبەینێڕا [شەممۆ، ١٣٦٢/١٢/٦] شاری بانە بۆردومان کرا.

* ڕۆژی یەکشەممۆ ١٣٦٥/١١/١٢، ئاواییەکانی **گاپیس**، **قەرەقشلاغ** و **قجیئاوا** ی دەوروبەری مەهاباد بۆردومان کران.

* ڕۆژی پێنجشەممۆ ١٣٦٥/١١/٢٣، کاتژمێری ١١/٣٥ ی پێش نیوەڕۆ، شاری مەهاباد بۆ جاری سێیەم بۆردومان کرا و ناوەندی کارەساتەکە **مەیدانی حەیوانان** بوو.

٨ – مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لە کتێبی علماءنافيخدمةالعلموالدين، ل١٣٣ – ١٣٢ دا ئاماژە بە ناوی دوو مەلاجامی دەکا، کە ئامۆزای یەك بوون؛ مەلاجامی کوڕی سەید مەحموود و مەلاجامی کوڕی سەید عەبدولکەریم. دەڵێ: مەلاجامی کوڕی سەید مەحموود لە سابلاغ نێژراوە و مەلاجامی کوڕی سەید عەبدولکەریم ماوەیەك لە ئەستەمبووڵ ژیاوە و تەفسیرێکی خۆی لەسەر قورئانی پیرۆز هەر لەوێ چاپ کردووە و پاشان گەڕاوەتەوە چۆڕ و کۆچی دوایی کردووە و لە پەنا گۆڕی مەلائەبووبەکر نێژراوە.

٩ – مامۆستا برایمی ئەفخەمی، لە بەرگی دوویەمی « تاریخ فرهنگ و ادب مکریان » ل١١٦ دا دەڵێ: « مەلاجامی کە لە داشتەمرەوە هاتوچووی مزگەوتی سووری دەکرد، لە چۆمی سابلاغ دەپەڕییەوە. بەڵام لە وەرزی بەهاردا کە ئاوی چۆم زیادی دەکرد، ڕێگای هاتوچووی مەلاجامی دژوار دەبوو. بوداغ سوڵتان سەبارەت بە مەلاجامی **پردی سوور** ی ساز کرد. » بەڵام وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، بە پێی مادە تاریخی پردی سوور، ئەو پردە دە ساڵ بەر لە هاتنی مەلاجامی بۆ سابلاغ، دروست کراوە.

١٠ – بازاڕی قەیسەریی مەهاباد، بینایەکی کۆن و مێژوویی ئەم شارە بوو، کە کاتژمێری ١٢/٤٥ ی ڕۆژی سێشەممۆ، ٢٥ی بەفرانباری ١٣٥٢ی هەتاوی، بەرامبەری ١٩٧٤/١/١٥، ئاوری تێبەربوو و لە ماوەی چەند سەعاتدا پتر لە ٢٠٠ دوکان سووتا. پاشان لە لایەن دەوڵەتەوە بە تەواوی خاپوورکرا و سەر لەنوێ بە شێوەیەکی تازە سازکرایەوە.

* بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، چوارچێوەی مەڵبەندی موکریان لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەویدا، بریتی بووە لە: **مەهاباد، شنۆ، سەردەشت، بۆکان، نەغەدە، خانێ (پیرانشار )، نێوئاوان (میاندواو)، تکاب و سایین قەڵا**. بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی لە دەستدایە کە لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی، ناوچەکانی سەروو، بە ناوی **مەڵبەندی موکریان** دەستنیشان کراون و **عەلیئاغای حاجی ئێلخانی ( ئەمیر ئەسعەد )**، بە فەرمانی تاران، کراوەتە **فەرمانداری نیزامیی موکریان** و کاروباری ناوچەکانی هەڵسووڕاندووە و حاکمی بۆ ڕەوانە کردوون. هەر لەو ساڵەدا حاکمی نێوئاوان ( میاندواو )، لە لایەن ئەمیر ئەسعەدەوە، **مستەفاخانی شێخ ئاغایی** بووە.

## ژێدەر:


١. بدلیسی، ئەمیرشەرەفخان، شەرەفنامە، هەژاتر کردوویە بە کوردی، چاپی دووهەم، تاران، ١٩٨١.

٢. صمدی، سیدمحمد، نگاهی به تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو، مهاباد، ۱۳۷۳.

٣. افخمی، ابراهیم، تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، ( بوکان )، انتشارات محمدی، سقز، ۱۳۶۴.

٤. افخمی، ابراهیم، تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، ( مهاباد، سردشت، اشنویه )، ج۲، انتشارات محمدی، سقز، ۱۳۷۳.

٥. فتاحی قاضی، قادر، عبدالله خان مکری، نشریۀ دانشکدۀ ادبیات و علوم انسانی دانشگاه آذرابادگان، تبریز، 2536.

٦. روحانی، بابامردوخ، تاریخ مشاهیر کرد« عرفا، علما، ادبا، شعرا »، ج اول، انتشارات سروش، تهران، ١٣٦٤.

٧. روحانی، بابامردوخ، تاریخ مشاهیر کرد« امرا و خاندانها »، بخش دوم، ج سوم، انتشارات سروش، تهران، ١٣٧١.

٨. مدرس، عبدالکریم، دانشمندان کرد در خدمت علم و دین، ترجمه احمد حواری نسب، انتشارات اطلاعات، تهران، ۱۳۶۹.

٩. لە وتە بە نرخەکان و یادداشت و دەستنووسە گرینگەکانی جەنابی عومەرئاغا عەلیار کەڵکم وەرگرتووە.


★★★

هەروەها لەم کتێب و نامیلکە و دەستنووسانەی خوارووش، بۆ بەراوردکردنی ڕووداوەکان و دڵنیا بوون لە زانیارییەکانی ئەم وتارە کەڵك وەرگیراوە: ١ – دەقی عەرەبیی کتێبی «علمائنا فی الخدمە العلم و الدین»، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ٢ – کوردستانی موکریان یا ئاترۆپاتین، حوسێن حوزنی موکریانی ٣ – مێژووی میرانی سۆران، حوسێن حوزنی موکریانی ٤ – گەشتێك بە ناو گەڕەکە کۆنەکانی شاری مەهاباددا، سەید محەممەدی سەمەدی ٥ – ضمیمە تاریخ مهاباد، سەید محەممەدی سەمەدی ٦ – دەقی کوردیی « کورد و کوردستان »، ئەمین زەکی بەگ و وەرگێڕانی فارسیی هەمان کتێب بە قەڵەمی حەبیبوڵلای تابانی ٧ – جغرافیای طبیعی کردستان مکری، سعید خضری ٨ – بررسی اوضاع طبیعی، اقتصادی و انسانی کردستان در نمونۀ کردستان مکری، حەبیبوڵلای تابانی ٩ – ئینسکلۆپێدیای کوردی، عەبدولقادر بەرزەنجی ١٠ – دەقی شەجەرەنامەی مەلاجامی، بە دەسخەتی سەید قادر جەعفەری ١١ – دەقی شەجەرەنامەی مەلاجامی، بە هۆنراوەی عەرەبی و دەسخەتی شێخ مارفی نۆدێ. ١٢ - The kurdish struggle for indepence, omran yahya feili and arlene r. fromchuck. وەرگێڕانی بە فارسی؛ سەید محەممەدی سەمەدی.